# ئاشکرا کردنی بەشێك لە دزیە سەرسوڕهێنەرەکانی دەسەڵاتدارە پلەبەرزەکانی رژیمی ئاخوندی



ئاشکرا کردنی بەشێك لە دزیە سەرسوڕهێنەرەکانی دەسەڵاتدارە پلەبەرزەکانی رژیمی ئاخوندی

لە گەرمەی شەڕی باڵەکانی ناوخۆی رژیمی ئاخوندی، عەباسی پالێزدار سەرۆکی شاندی لێکولینەوە و تاقی کردنەوە لە دەستگای قەزائیەی ئاخوندەکان، بەشێك لە دزیە سەر سوڕهێنەرەکانی بەرزترین سەرانی رژیمی ئێران وەك رەفسەنجانی، ناتقی نووری، واعیزی تەبەسی، عەسگەر ئەولادی، موحەمەد یەزدی، ئیمامی کاشانی و خەز علی موڕادی و چەندین حیسابی نادروستی ناوخۆی رژیمی ئاخوندی دا ئاشکرا کرد و نیشانی دا کە تەواوی تێك گیرانە ناوخۆبیەکانی رژیم لە سەر بە تالان بردنی زیاتر و دەسەڵاتی زیاترە.

لە دان پێدانانی سەرۆکی دەستەی لێکولینەوە وتاقی کردنەوە لە دەستگای دادوەری ئاخوندان دەست بە سەرداگرتنی هەناردەی داری جەنگەڵەکانی باکوور لەلایەن حەمیدی یەزدی کوڕی ئاخوند یەزدیەوەو وەرگرتنی سەدان ماشین لە شیرکەتەکانی ئێران خودرەو و لەلایەن ناتقی نوریەوە ١١٠٠٠ کەڕەت قاچاخی شت و مەك لە فرۆکەخانەی پەیام لەلایەن کەسێك کە لەلایەن ناتقی نووری پشتیوانی لێ دەکرێ دەست بەسەرداگرتنی ١٢ کان یەك لەوان، کانی خەڵوزی بەردی تەبەس لەلایەن خانەوادەی رەفسەنجانی کراوە. بەشێك لەو دان پێدا هێنانەی عەبباس پالیزدار کە لە زانکوی بوعەلی سینای هەمەدان ئەنجام دراوە. چاویك دەخشێنین. عەباسی پالێزدار لە قسەکانی دا دەڵێ: بۆچی ئێمە ناتوانین لەگەڵ گەندەڵی ئابوری موبارەزە بکەین چونکە سەرانی گەورەی وەڵات بۆ خۆیان گەندەڵن. ئەگەر بمەوێ چەند پەروەندەی بچوکی فەسادی ئابوری باس بکەم. ئەوکات دەبینین کە چ بەلایێك وەڵاتی گرتوتەوە و لە بەر هێندێك هۆ رێبەر ئەبێ بەشێوەییەکی ئاشکرا بەخەڵك بڵێ کە لە وەلات چ باسە. کەسانێك کە وەك گەندەڵی ئابوری لە وەلات هەڵدەسوڕێن لە ژێرپشتوانی شاهرودی سەرۆکی دەزگای دادوەری دان، کاتێك لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردودا پەروەندەکانی گەندەڵی ئابوری لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە و بەرێوەبەران بە دادگا ناسێندراون و دادگا سزای ٥ قڕان و ١٠ قڕانی بۆ تاوانباران دیاری کردوە بزانن چ بەڵایێك بە سەر وەڵاتدا هاتووە.

پەروەندەی شارامی جەزایری عەرەب، وەکو هەزاران پەروەندەی دیکەیە، بەڵام چونکە شارامی جەزایری ناوی گەندەڵکارانی ئابوری و کەسانی پێوەندیدار بە فەسادی ئاشکرا کرد کەوتەبەر لێدان، چونکە قازانجی زۆرێك لە عولەماکان و سەرانی رژیمی خستبووە مەترسیەوە. لە ئێستادا ١٢٣ پەروەندەی گەندەڵی ئابوری وەڵات لە کۆمیتەی لێکولینەوە و تاقی کردنەوەی مەجلیس لە بەردەست دایە بۆ لێکولینەوە بەڵام بمانهەوێ پەروەندەی راستەقینەی گەندەڵی ئابوری باس بکەین، ناتوانین باوەر بکەین، بە کورتی ئابڕوچوونێك کە لە جمهوری ئیسلامی دا رووی داوە و بینیومانە بە کورتی بینیمان ئاغاییێك نامەی نوسیوە کە کوڕەکەی کەم ئەندامە گوتویەتی گەرەکمە دامەزراوەییێکی توانا بەخش دامەزرێنم کە ئەو دامەزراوەیە لە بەردەستی خۆیدا بێ و ١٠٠ تا٢٠٠ تا٣٠٠ کەم ئەندام بپارێزین تیایدا و کوڕەکەشم لێپرسراوی ئەو جێگە بێ. گوتیان باشە، خوا باوکت عەفوبکات ئەو دامەزراوەی کە تۆمار کردوەو دەستی کردوە بەکار، نامەی بۆ ئاغاییێك نوسیوە: کە من سەرچاوەی مادیم نیە ناتوانم دایمەزرێنم و بەڕێوەی بەرم و ئەبێ نیزام یارمەتیمان بدات.

کانی بەردی دبهیدی فارسی بدەن بە فلاڵنەکەس. ئاغا ئەم بەردی مەڕمەڕە باشترین بەردی مەڕمەڕی جیهانە؟ بەڵێ بیدەن بە من. موعامڵە کرا و ئەو کانە یان دابەکابرا، دوای ماوەییێك گوتی: ئاغا ئەو کانە بەشم ناکا، کانی زەنجانیشم بدەنێ، یەکێك لە ئامادەبوان گوتی ناوی نەفەرەکەمان پێ بڵێ، دەنگی رەخنەی دانشجوەکان بەرز بۆوە، ووتی مەجالم بدەن، گوتی: من تەنیا چەند ناوێك دەڵێم، ئەو دانەیان کە عەرزم کردن، ئاغای ئیمامی کاشانیە. لە ددان پێدا هێنانی سەرۆکی شاندی لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوە لە دەزگای دادوەری ئاخوندان کە بە مەبەستی پاکانە حیساب لەگەڵ باڵە ڕەقیبەکان ئەنجام دراوە، هاتووە: چ بوون ئیجازەی کردنەوەی دانشگاییێکیان لە وەلی فەقیە وەرگرتووە کە دایمەزرێنن بۆ خۆشکان لە شاری قوم. شتێکی باشە کە خۆشکانیش حزوریان هەبێ. ئەگەر تاوانبارێکیان تێدا بوو لێپرسینەوەی لێ بکەن و لەو قسە جۆراوجۆرانە، بەڵێ رەزایەتی ئاغایان (مەبەست خامنەییە) وەرگرت کە ئەو دانشکەدەیە دروست بکەن. ئاغا پێشوازی لێ کرد و دەستووری درووستکردنیان دا. دامەزرێنەرانی ئەو دانشکەدە لە دوای وەرگرتنی مۆڵەت چوون بە دوای سەرچاوەی ماڵیدا. نووسیان جەنابی ئاغای نیعمەت زادە زەحمەت بکێشێ بۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی ئەو دانشکەدەیە، کارخانەی لاستیکی دنا کارناسی بکات بۆ ئەو دانشکەدە. کارناسی فەرمی دادگوستەریان هێنا، چوونکە ئاغایانێك کە ئەو دامەزراوەیان دامەزراند بوو لە دەستگای دادوەریشدا بوون، ئەو کارناسانەی دادگوستەریش دەترسان کە نرخێك دیاری بکەن، ئەوان پێ یان ناخۆش بێ، دەبێ نرخێکیان گوتبا کە ئەوان پێ یان خۆش بێ. ١٢٦ ملیاردیان گوت. لە کاتێکدا ئێمە باوەڕمان وایە ٦٠٠ ملیاردیش زیاتر بوو. ئەوە لە کاتێکدا باسی ١٢٦ ملیاردی ویلاکان لە شوماڵ کە لە بنەڕەتدا دروست نەکراون، نەکراوە، زەویەکانی شیرازیش لە حیسابدا نەهاتووە، پووڵە داندراوەکانیشی لە حیسابدا تۆمار نەکراوە، بەوشێوە ١٢٦ ملیاردیان وەرگرت. ئەوەی کە باسم کرد لاستیکی دنائی ئاغای یەزدی بوو. ئاغای موحەممەدی یەزدی سەرۆکی قوەی دادوەری لە کاتی سەرۆکایەتیەکەی و ئاغای موحەممەد عەلی نوێنەرانی خیبرەگانی پاریزگای قوم. ئاغای یەزدی دەنووسێ: جەنابی ئاغای فروزش، حەمیدی ئێمە بێکارە، فکرێك بکەن کە لە جەنگەڵەکانی باکوور و فرۆش و هەناردەی دار قازانجی پێ بگا. ئاغای حەمیدی یەزدی کوڕی ئاغای یەزدی بەرێوەبەری گشتی ناوەندی سەرۆکایەتی قوەی دادوەری بوو لەو کاتەدا بەداخەوە جەنگەڵەکانی باکووریان خوارد و تالانیان کرد.

عەباسی پالیزدار لە درێژەی شەڕی باڵەکانی رژیم لە دژی یەك زیادی کرد، بە شیرکەتی ماشین سازی ئێران ڕادەگەیێنن ئێمە بە هەموو قازیەکان، ماشینی پەرشیا دەدەین بە نرخی گونجاو ئاخر چۆن؟ چونکە ئەوە ماشینی کارناسیە، ئێمەیش هەڵی دەسەنگێنین بە نرخی ٨ ملوێن تمەن یان ٩ ملوێن تمەن بیاندەینێ. بینیمان کە کارخانەی ئێران خۆدرەو بەبێ هیچ رێنماییێك ماشینی پرشیای بە نیوە نرخ داوە بە قازیەکانی قوەی قەزائیە، باقی دیکەش بە شوێنەکانی دیکە، زۆربەیان ماشین کرا بە ناویانەوە، قیستەکانیشیان نەدا، ئەو بەخشین دانە بوونە هۆی گلە و گازندەی بەشێك لەو شوێنانەی دیکە، بۆ وێنە دامەزراوەی نهج البلاغە کە گووتیان: ٥٠٠ دەستگا ماشینیان بدەنێ، پێ یان خۆش بوو وەریان گرت و گووتیان ٥١٧ دانەی دیکەشیان بدەنێ. دامەزراەی نهج البلاغە کێیە؟ عەلی ئەکبەری ناتقی نووری، حسەین دین پەروەر، موعزی، عەسکەر ئەولادی، رەفیق دووست، یا بۆ نمونە دەیبەخشنەوە بە باشگای پرسپۆلیس کێ یە؟ ئاغای عابدینی، ٢٠٠٠ ماشینی بدەنێ. دامەزراوەییێکی دیکە بە ناوی یەکگرتنی هزر، ئەم دامەزراوە چیە؟ ئاغای فەلاحیان، ئاغای علم الهدی، و ئاغای و ، تەعاونی وەزارەتی ناوخۆ، ٢٠٠٠ دەستگایان وەرگرت. یان پیشەسازی ئاسمانی وەزارەتی دیفاع، ئەوندە مووشەکی کروز، ئەوندە جێ و جێ، توانای خوێندنەوەی هەموویانم نیە. تۆمارێکی ٣٠ دانەیی لەوانە هەیە کە ئەو ماشینانەیان بە نرخێکی کەم دراوەتێ. کام ماشین؟ ماشینی کارناسی؟ نا هەر بە ناوی کارناسی. لە سەرەتا بە ناوی کارناسیەوە بوو بەڵام لە دواییدا ماشینی کیلومیتر سیفریان دەهێناو دەیان دا بە ئاغایان بە ناوی کارناسی. جێگەی سەرنجە کە بۆ ئەو ماشینانە ٨ تا ٩ ملوێنیان وەرنەدەگرت. قیستەکەش باش وایە بزانن چۆنە، ئەوان ٢ تا ٣ بەشی قیستەکەیان دەدا و باقیەکەی دیکەیان نەدەدا. ناوبراو لە بارەی بەشێك لە دزیەکانی ئاخوند تەبەسی نوێنەری خامنەیی لە ئاستانی خوراسان و ناتقی نووری ڕاوێژکاری وەلی فەقیە گوتی: ئەگەر بمهەوێ کات تان بەم شتانە بگرم زۆرە، بۆ وێنە، لە بارەی کانی زوخاڵی سەنگی تەبەس، ١٢ دانە لە کانەکان لە پارێزگای خوراسان لەلایەن ئاغای واعیزی تەبەسی تاپۆیە و ئی کوڕەکەشیەتی.

لە بارەی پەروەندەی قاچاخی شت و مەکی فرۆکەخانەی پەیام. قاچاخچی گەورەی فرگەی پەیام ١١٠٠ پەروەندەی قاچاخی شت و مەکی هەیە، بەڵام تا ئێستاش نەمانتوانیوە بیگرین لە بەر ئەوە لە ژێر پشتیوانی ناتقی نووری دایە. لە بارەی سوڵتانی شەکر و مافیای شەکر دەبێ بڵێم کە ئاغای مدلل، زاوای یەکێك لە عالمە گەورەکان بووە. مدلل بە هاوکاری کەسێك بە ناوی محەممەد رەزا یوسفی دەستی داوەتە ئەو کارە، کە لە دوای ئاشکرا بوونی ئامادە بوو بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیە ٧٠٠ ملیارد تمەن بدات. لە بارەی قاچاخی جگەرە، لە بناغەوە بەرهەم هێنان و قاچاخی جگەرە، ئێرانی فەلەج کردوە و کرێکارانی ئەو کارخانانە بێکار بوون. لە وەڵامی پرسیارێك لە بارەی تێکشکانی فڕۆکەی کازمی گوتی: من ئەو پەروەندەم نەدیوە بەڵام لەوەوە کە دیارە روداوێکی عەمدیە و دەستی یەکێك لە سەرانی ئەو کاتی سوپای پاسدارانی تێدایە. رووداوی دادمان عەمدی بوو. عەباس پالیزدار ئەندامی شاندی لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوە لە دەزگای دادوەری ئاخوندەکان بەشێکیشی لە گەندەڵی رەفسەنجانی و بنەماڵەی ئاشکرا کرد و گوتی: لە بارەی گەندەڵی ئابووری رەفسەنجانی و بنەماڵەکەی ئەوندە گەندەڵی ئابووری هەیە کە بۆ باس کردن نابێت. بەڵام یەکێك لە گەندەڵیەکانیان ملیاردها دولارە کە نەیانداوە بە دەوڵەت و خواردوویانە، یەکیان هاوردەی ماشینی دووبوو (دایۆ). یەك سێهەمی جەزیرەی کیش، پارکی جەنگەڵی لە باکوور، ئەوانە لەو گەندەڵیانەن کە خانەوادەی رەفسەنجانی کردوویانە. لە ئێستادا تەویلەی ئەسپەکانی کچی هاشمی تەنیا رۆژێك ١٠٠ هەزار تمەن خەرجی شووتیە کە بۆیان دەرێژن. شیرکەتی نەوتی ئەو خانەوادە هاورێ لەگەڵ پورە خانم یانی خوشکی هاشمی لە کانەداش بۆ باس کردن نابێت. کوڕی ناونجی هاشمی بە ناوی مێهدی کە لە سازمانی بەرێوەبەری بهینەی سوتەمەنی بەرێوەبەر بوو بە دامەزراندنی جوانترین کچ کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگرتن و لە دواییدا فیلمێك لە ژورەکەیدا ئاشکرا بوو کە ئەوە دەرخەری بەرینی و قووڵی کارەنەشیاو و چەپەڵەکانی بوو.

***



## خەڵکی شارەکانی تاران و مەشهەد لە دژی گرانی ناڕەزایەتیان دەربڕی

نیوەرۆی رۆژی هەینی ٢٤ی جۆزەردان خەڵکێکی زۆر لە شاری تاران لە بەر دەرگای پارکی میللەت لە دژی گرانی نارزایەتیان دەربڕی، لە بەرانبەردا هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمی ئێران هێرشیان کردە سەریان و ژمارەییێکیان لێ گرتن.

بەشداربووان بە شیعاردان لە بارەی گرانی و گەندەڵی ئابووری بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی نارەزایەتیان دەربڕی.

بە پێی هەواڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی ئاخوندی هێرشیان بردۆتە سەر ئەو کۆبوونەوەو بەشدار بووانیان داوەتە بەر ئازار و لێدان، کە زیاتر لە ٥٠ کەسیان لێ بریندار کردوون و ژمارەییێکی دیکەشیان لێ گرتوون.

بە پێی هەواڵ لە شاری مەشهەد، رۆژی هەینی ٢٤ی جۆزەردان لە شەقامی وەکیل ئاباد و فلکەی پارکی شاری مەشهەد، سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە لە سەر گرانی کۆبوونەوەی نارەزایەتیان بەرێوەبردوە، بەڵام هێزەکانی رژیم هێرشیان بردۆتە سەریان و بە توندی سەرکوتیان کردوون و زۆرێکیان لێ گرتوون.